ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕێکەوتنەکەی

# مەزڵووم عەبدی و ئەحمەد شەرع

ڕەنج نەوزاد

کاروباری جیهانی



# خوێندنەوەیەک سەبارەت بە ڕێککەوتنەکەی مەزڵوم عەبدی و ئەحمەد شەرع

**ڕەنج نەوزاد**

(توێژەر لە زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان)

مارسی 2025

بەشی کاروباری جیهانی ئەستێڵ

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

**ڕێککەوتــنە هەشــت خــاڵییەکەی نێوان مەزڵوم عەبــدی و ئەحــمەد شەرع دەکرێت وەک دیارترین و گرنگترین ڕووداوی سیاسی نێوان کوردی ڕۆژاوا و سووریا دابنرێت لەدووای کەوتنی ئەسەد. بەگشتی ڕێککەوتنی نێوان لایەن و دەوڵەت و گرووپە سیاسییەکان... دوو ڕەهەنــدی سەرەکی لەخۆدەگــرێت؛ خــودی ڕێککەوتــنەکە، واتە ئەو خــاڵ و مــاددانەی لە ڕێککەوتــنەکەدان، هەروەهــا ئەو ژیــنگە و کاتەی کە ڕێککەوتــنەکەی تــیادا کراوە. نــاسین و تێگەیشــتن لە هەردوو ڕەهەنــدەکە گــرنــگە بۆ تێگەیشــتن لە ڕووداوەکە، بەڵام بۆ ئەم ڕێککەوتــنەی نێوان کورد و دیــمشق، لەوانەیە ڕەهەنــدی دووەم "ژیــنگە وکات" گــرنــگتر بێت، چــونکە فــاکتەری سەرەکییە و، هــاوکات خــاڵەکانی نــاو ڕیککەوتــننەکە گشــتین و مێکانــیزمی جێبەجێکردنــیان قــورس و نــاڕوونە. جــگە لەوەی هەردوو لایەن کە ئــیمزایان لەسەر ڕێککەوتنەکە کردووە، لەوە دەچێت ناچاربن و باوەڕیان بە ڕێککەوتنەکە نەبووبێت، بەڵام بە هۆی فاکتەری دەرەکییەوە ناچارکراون.**

بۆ تێگەیشــتن لە ڕووداوە سـیاسـییەکان هەبـوونی چـوارچێوەیەکی تیۆریک یارمەتـیدەر دەبێت. لێرەدا تێڕوانینێکی تیۆریک بەکاردەهێنم بۆ خــوێندنەوە و تێگەیشــتن لە ڕێککەوتــنەکەی نێوان کوردانی ڕۆژاوا و دیــمشق. ئەم تێڕوانــینە خۆی لە پێناسەیەکی بەنــاوبــانــگ دەبینێتەوە بۆ سـیاسەت، کە زانــای ئەمــریکی لە بــواری زانســتی ســیاسەت هــاڕۆڵد لاســوێل (Harold D. Lasswell) پێشکەشی کردووە. ســیاسەت پێناسە دەکات بە "[کێ چی بەدەســت دەهێنێت، کەی، چۆن](#)"، ئەم پێناسەیە بـووەتە نـاونـیشانی کتێبە بەنـاوبـانـگەکەی (Politics: Who Gets What, When, How) لە کە 1936 بڵاو کرایەوە. لێرەدا ئەم پێناسە و تێڕوانــینە تەنـیا بـنەمـا گشــتییەکانی وەردەگــریــن و لە کانتێکستێکی دیکەدا بەکاری دەهێنین، نەک دەقــاودەق وەک

ئەوەی لاسوێل خۆی بەکاری هێناوە کە زیاتر ڕەنگدانەوەی ژینگە و پڕۆسەی سیاسەتە لەناوخۆی ئەمریکا.

ئەم تێڕوانینە چوار بنەمای سەرەکی هەیە: 1. کێ، واتە ئەو کەس و لایەن و گرووپانە کێن و چین کە بەشدارن لە ڕێککەوتنەکە یان لە پڕۆسە و ڕووداوە سیاسییەکە؟ 2. چی بەدەست دەهێنن، واتە ئەو گرووپانە دەیانهەوێت چی بەدەست بهێنن و ئامانجیان چییە؟ 3. کەی، لە چ بارودۆخ و کات و ژینگەیەکدا ئەو پڕۆسەیە ئەنجامدەدرێت؟ 4. چۆن، واتە چۆن ئەو ئامانجانە بەدەست دەهێنن؟ بە ڕێککەوتن و دانوستان، بە خۆپێشاندان یان بە شەڕ؟ لەم وتارەدا لەسەر ئەو چوار بنەمایە، یاخود لەو چوار پرسیارەوە هەردوو ڕەهەندەکەی ڕێککەوتنی مەزلوم عەبدی و ئەحمەد شەرع شیدەکرێتەوە.

## کێ: لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە

ڕێککەوتنەکە دوو لایەنی فەرمی واژۆیان کردووە، مەزلوم عەبدی بەناوی "هەسەدە"ەوە ئەحمەد شەرع بە ناوی سەرۆکی کۆماری سووریا. ئەگەر تەنیا ئەم دوو لایەنە فەرمی و ئاشکرایە لەبەرچاوبگرین، ئەوا بەشێکی زۆر بچووکی ڕووداوەکە دەبینین. بەڵگەنەویستە کە هەردوو ئەم لایەنە پشت بە لایەنی گەورەتر و کاریگەرتر دەبەستن. لێرەوە دەچینە سەر بابەتی پەیوەندی نێوان کلایەنت و پەیترن (Patron-client relationship). **کلایەنت** (وەکیل) بریتییە لە لایەنی لاواز و **پەیترن** لایەنی بەهێزی پەیوەندییەکەیە. هەسەدە "کلایەنت" یان لایەنی لاوازە و ئەمریکا -پەیترن- یان لایەنی زاڵ و بەهێزە. جۆلانی یان سووریای نوێ "کلایەنت"ـە تورکیا

"پەیـترن"ـە. لەم جۆرە پەیـوەنـدیـیانەدا نـاهەوسەنـگییەکی گەورە هەیە لە ڕووی کاریـگەری و هێزەوە لە نیوان هەردوو لایەنی لاواز (کلایەنــت) و لایەنی بەهێز (پەیــترن). لەگەڵ ئەوەشــدا، لایەنی لاواز گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەیە، بەرژەوەندییەک بۆ لایەنی بەهێز دابین دەکات، کە پەیترن بەبێ کلایەنــت نـاتــوانێت یاخــود قــورسە ئەو بەرژەوەنــدیــیە بەدەســت بهێنێت. بەڵام ئەو بەرژەوەنــدیــیە ئەگەر نەیەتە دی مەتــرسی گەورە لەسەر لایەنی بەهێز درووســت نــابێت. واتە دەستبەرداربوونی کلایەنت لەو پەیوەندییە یاخود یاخبوونی، هەڕەشەیەکی گەورە نییە بۆ سەر پێگە و ئاسایشی نشتیمانی پەیترن. لەبەرانبەردا، کشانەوەی پەیترن لەو پەیوەندییەدا، دەکرێت هەڕەشەیەکی وجودی و گەورە بێت بۆ سەر کلایەنت، چونکە بەشێکی سەرەکی ژیان و مانەوە و توانای کلایەنت پەیوەستە بە هاوکاری و پشتگیری پەیترن. هەرچەند پەیوەندییەکە دوولایەنە و هەردوولا ســوود دەبــینن، بەڵام ســوود و گــرنگی پەیــترن بۆ کلایەنــت زۆر گەورەتــرە وەک لە بە پێچەوانەوە. لێرەوەیە پەیــوەنــدیــیەکە نــاهــاوسەنــگە و پەیــترن زاڵترە و زۆر کات ویســت و فەرمـانەکانی ئەو دەبێتە ئـاڕاسـتەکەری کلایەنـت. بۆ نـموونە ئەمـریکا دەیـویسـت لە ســووریـا هەژموونی هەبوایە بەرانبەر بە هەژموونی ئێران و ڕووسیا، هەسەدە و ڕۆژاوای کوردستان ڕۆڵی سەرەکییان بینی لە جیبەجێکردنی ئەو ویستەی ئەمریکا. بەڵام دروستبوون و مانەوەی ڕۆژاوای کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر گەورە پەیوەستە بە مانەوەی هاوکاری و پشتگیری ئەمریکا. واتە ئەو پەیوەندییە بۆ کورد پرسی مانەوەیە، بۆ ئەمریکا پرسێکی سیاسی و ژیۆپۆلیتیکە.

سەبارەت بە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ دەستەی تەحریری شام و جۆلانی، لێکچوون و جیاوازییش هەیە بە بەراورد بە پەیـوەنـدی رۆژاوای کوردســتان و ئەمـریکا. لێکچوونەکە ئەوەیە پەیـوەنـدی تـورکیا و جۆلانی هەر پەیوەندی پەیترن و کلایەنت-ە. بەتایبەت پێش کەوتنی ئەسەد، مـانەوەی

دەستەی تەحریری شام بە ئەندازەیەکی زۆر پەیوەست بوو بە هاوکارییەکانی تورکیا. لەدووای کەوتنی ئەسەد تـورکیا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پشـتگیری دیپلۆمـاسی و هەواڵگری بۆ حکومەتی نـوێی سـووریـا. سەبـارەت بە جـیاوازی ئەم پەیـوەنـدیـیە لەگەڵ پەیـوەنـدی رۆژاوا و ئەمـریکا، حکومەتی نوێی سووریا لە ئێستادا جگە لە تورکیا، دەرەفەتی هەیە پەیترن-ی تر بدۆزێتەوە، بۆ نموونە سعودی و وڵاتانی تری عەرەبی. هاوکات سووریا دەوڵەتە، لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی مسۆگەری مانەوەی زیاترە، تەنانەت ئەگەر تورکیاش پشتگیری و هاوکارییەکانی بوەستێنێت. لە کاتێکدا رۆژئـوای کوردسـتان جـگە لە ئەمـریکا، نـاتـوانێت پەیـترن-ێکی دیکە بە هەمـان کاریگەری بـدۆزێتەوە. ڕاسـتە فەڕانـسا و هەنـدێک دەوڵەتـانی ئەورووپـا هـاوکاری دەکەن، بەڵام بەراورد ناکرێت بە کاریگەری ئەمریکا. ئیسرائیڵ یەکێکە لەو دەوڵەتە گرنگانەی کە پشـتگیری بۆ رۆژاوای کوردسـتان دەردەبڕێت، بەڵام تـا ئێستا پشـتگیرییەکە زارەکییە و ڕوون نـییە لە واقـعدا تـا چەنـد کاریــگەر دەبێت. هــاوکات رۆژاوای کوردســتان ئەکتەرێکی نــادەوڵەتــییە و، لەسەر ئــاســتی نێونەتەوەیی هەمــیشە ســووریــا شەرعــیەت و دەرەفەتی زیاتــرە. لە لایەکی تــرەوە، رۆژاوای کوردسـتان لە خـاڵێکدا بەهێزترە بەرانـبەر بە دیـمشق، ئەویش ئەوەیە پەیـترن-ەکەی بەهێزتـر و کاریگەرترە لەوەی دیمەشق.

خـاڵێکی گـرنـگ کە پێویسـتە ئـامـاژەی پێبدرێت ئەوەیە کە مەزڵوم عەبـدی و ئەحـمەد شەرع تـا ڕادەیەکی زۆر نــاچــارانە ئەم ڕێککەوتــنەیان کردووە. چــونکە هەردوو لایەن، لە ڕووی فکری و سـیاسی و سەربـازیـیەوە نەک جـیاوازن، بەڵکوو دژی یەکترن. لە سـاڵانی ڕابـردوودا هەسەدە و گــروپەکانی سەر بە جۆلانی شەڕ و پێکدادانی سەربــازیــیان هەبــووە. بە پێی بۆچــوونی جۆلانی، هەسەدە کافــرە و دەبێت لەنــاوبــبرێن. بە پێی بۆچــوونی هەسەدە جۆلانی و گــرووپەکەی

تـیرۆریسـتن. جۆلانی ئەگەر بە ویسـتی خۆی بێت هەسەدە لەنـاو دەبـات و هەمـوو نـاوچەکانی داگـــیر دەکات، مەزڵوم عەبـــدی ئەگەر بە ویســـتی خۆی بێت هەرگـــیز نـــایـــهەوێت جۆلانی و گـــرووپەکەی دەسەڵات بـــگرنە دەســـت لە دیـــمشق. بەڵام جـــارێ کەســـیان نـــاتـــوانێت ئەویتر لەناوبەرێت. بۆیە ڕێککەوتنەکە، بە شێوەیەکی سەرەکی پەیـترن-ەکان، بە تـایـبەت ئەمـریکا ڕۆڵی تـیا بـینیوە. ئەمەش جۆرێک لە بێ مـتمانەیی و گـومـان درووسـت دەکات لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بە تایبەت بۆ داهاتوویەکی دوورتر.

بە پشـــتبەســـتن بەوەی لەسەرەوە ئـــامـــاژەی پێدرا سەبـــارەت بە لایەنەکانی ڕێککەوتـــنەکە و سروشتی بکەرەکان، ئەوا دەکرێت بگوترێت ڕۆڵێ ئەمریکا لە ئەنجامدانی ئەو ڕێککەوتنەدا، زیاترە لە ڕۆڵی هەسەدە و جۆلانی و تەنـانەت لە ڕۆڵی تـورکیاش. بە ئەگەری زۆرەوە پێشتر ڕێککەوتـن و لە یەکتێگەیشـتنێکی ئەمـریکا و تـورکیا هەبـووە لەو بـارەیەوە ، پـاشـان مەزڵوم کۆبـانی و جۆلانی ئـیمزایان لەسەر کردووە. تـورکیا لەوانەیە هەنـدێک نـیگەرانی هەبێت سەبـارەت بەو ڕێککەوتـنە، بەڵام گلۆپی سەوزی بۆ جۆلانی هەڵکردووە بۆ ئـیمزاکردنی. (دواتـر ئـامـاژەی زیاتـر بۆ ئەم خـاڵە دەکەم). بە کورتی دوو بەرەی سەرەکی هەن لەم ڕێککەوتـنەدا، **ئەمـریکا-ڕۆژاوای کوردسـتان** و **تـورکیا-حکومەتی نـوێی سـووریـا**. ڕۆڵی ئیسـرائیڵ و فەڕانـسا و سـعودی و قەتەر و ئـیمارات لەدووای ئەو دوو بەرە سەرەکییەوە دێتە نێو ڕێککەوتـــنەکە، لەوانەیە ڕۆڵی ســـعودی زیاتـــریش بێت.

## چی بەدەست دەهێنن: دەستکەوت و ئامانجەکان

ئەم لایەنە تەنـــیا گـــریـــمانەییە چـــونکە ئـــاشکرایە جـــارێ ڕێککەوتـــنەکە جیبەجێ نەکراوە و مێکانیزمەکانی جێبەجێکردن ڕوون نـیین. بۆیە تەنـیا وەک ویسـت و ئـامـانجی گـریـمانەکراوی لایەنەکان ئاماژە بەم ڕەهەندە دەدرێت.

لەم جۆرە هاوکێشەیەدا، وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئەمریکا و تورکیا ڕۆڵی زیاتریان هەیە لە ڕێککەوتنەکە بە براورد بە کۆبانی و جۆلانی. سەرەتا پێویستە بزانین ئەمریکا و تورکیا ئامانجیان چییە و دیانهەوێت چی بەدەست بهێنن.

**ئەمریکا چەند ئامانجێکی هەیە:** 1. شەڕ و ململانەکان لە سووریا کۆتایی پێ بێت و دەوڵەتەکە بگاتە سەقامگیری. خاڵی سێیەمی ڕێککەوتنەکە ئاماژەیە بۆ ئەمە "ڕاگرتنی شەڕ لە سەرانسەی سووریا". 2. ڕۆژاوای کوردستان و هەسەدە ببنە بەشێک لە سووریای نوێ، چونکە لەناوبردنیان لە چەنـد ڕوویەکەوە زیانی هەیە بۆ ئەمـریکا. دووای ئەو هەمـوو ساڵە لە هـاوکاری و بە یەکەوە شەڕکردن و کارکردن، ئەمریکا نایهەوێت هەسەدە و رۆژاوای کوردستان بەجێبهێڵیت لە بەردەم پەلامـــاری تـــورکیا و جۆلانی. ئەمە وەکوو بێ مـــتمانەییەک و لەکەیەکی ئەخـــلاقی دەبێت بۆ سـیاسەتی ئەمـریکا. هـاوکات دەیهەوێت لە ڕێگەی لکانـدنی رۆژاوای کوردسـتان و هەسەدە بە دامـودەزگـاکانی سووریـای نـوێ، هەژمـوون یان دۆسـتێکی هەبێت لە داهـاتووی سـووریا (خـاڵی یەکەم و دووەم و چـوارەمی ڕێککەوتـنەکە ئـامـاژەیەکە بۆ ئەم ئـامـانجە). 3. ئەمـریکا نـایهەوێت پێگەی کورد بە شێوەیەک بێت لە سـووریـا کە تـورکیا تەواو نـیگەران بکات، یا تـورکیا وەکوو هەڕەشەیەکی گەورە ببینێت. بۆیە لە ریککەوتـنەکە رۆژاوای کوردسـتان بەشێکە لە سـووریـا و دژایەتی بـانـگەشەی جـیابـوونەوە کراوە و چەکدارانی هەسەدەش دەبـنە بەشێک لە سـوپـای سـووریـا. (خـاڵی چـوار و شەش و حەوتەم). 4. ئەمــریکا دەیهەوێت سـوریایەکی تـا ڕادەیەک

دیمۆکرات درووست ببێت -(خاڵی یەکەمی ڕێککەوتنەکە)- هاوکات هەژموونی تورکیا و سعودی و کەنداو لە ئایندەی سووریا بوونی هەبێت، پێیوایە ئەمە ئاسایشی ئیسرائیلیش دەپارێزێت.

**تورکیا چەند ئامانجیکی هەیە:** بە هۆی ڕۆڵی ئەمریکا و بارودۆخ و کاتی ڕێککەوتنەکە تورکیا تا ڕادەیەک ناچار بوو ڕێگە بە جۆلانی بدات ڕێککەوتنەکە واژۆ بکات کە تا ئەندازەیەک لای پەسەند نییە. تورکیا نەیویست ڕێگە لە جۆلانی بگرێت بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا؛ هاوکات ویستی هاوکاری جۆلانی بکات بۆ دەربازبوون لە لێکەوتەکانی ڕووداوەکەی ناوچەی عەلەوییەکان (دوواتر ئاماژەی پێدەکەم). دوو لە سەرەکیترین ئامانجەکانی تورکیا سەبارەت بە سووریا بریتییە لە **پرسی ڕۆژاوای کوردستان** و **گەڕانەوەی ئاوارەکانی سووریا** کە ژمارەیەکی زۆریان لە تورکیان. تورکیا دەیهەوێت هەموو جۆرە خۆسەری و هیوا و ئەگەرێکی سەربەخۆیی لەناوببات لە رۆژاوای کوردستان (خاڵی شەش و حەوتەمی ڕێککەوتنەکە تا ئەندازەیەک پەیوەندی بەو ئامانجەوە هەیە، بەڵام جارێ بە دڵی تورکیا نییە). هاوکات خاڵی پێنجەمی ڕێککەوتنەکە (گەرەنتی گەڕانەوەی سەرجەم ئاوارە سوورییەکان...) لەگەڵ ئامانجەکەی تری تورکیا دەگونجێت. خاڵەکانی دوو و سێ لە ڕێککەوتنەکە، تورکیا قبوڵی ناکات. خاڵی چوارەمی ڕێککەوتنەکە بە دڵنیاییەوە جێگای گومان و نیگەرانی تورکیایە، هەر بۆیە لە ڕووی مێکانیزمەوە زۆر ناڕوونە و دەرەفەتی بۆ تورکیا هێشتوەتەوە دەستێوەردانی زۆری تێدا بکات. بە گشتی تورکیا ڕازی نییە بە زۆریک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە، هەر بۆیە بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان.

ئامانجێکی تری تورکیا لەم ڕێککەوتنە ئەوەیە کە جۆرێک لە دانپێدانان و نزیکایەتی درووست بکات لە نێوان سووریای نوێ لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا بەو هیوایەی سزاکانی سەر سووریا لابرێت، کە تورکیا سوودمەندی یەکەم دەبێت لەوە، بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە. هەر وەها تورکیا هەست بە مەترسییەکی گەورە دەکات لە ڕۆڵی ئیسرائیڵ لە سووریا، بە تایبەت لە پشتگیریکردن لە کەمینەکان و بانگەشەکانی دابەشکردنی سووریا. خاڵی حەوتەمی ڕێککەوتنەکە دەکرێت وەک گوزاشت بێت لەو ترس و ئامانجەی تورکیا.

**ئامانجەکانی هەسەدە:** ئامانجی سەرەکی هەسەدە ئەوەیە سنوورێک بۆ هێرشەکانی تورکیا و میلیشیاکانی دابنێت لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتنەوە، خاڵی سێ ئاشکرا ئاماژەیە بەم ئامانجە. هاوکات خاڵی شەش و حەوت جۆرێکە لە دڵنیایی بە تورکیا کە هەسەدە جیابوونەوەی ناوێت لە سووریا و دژیەتی. خاڵی چوار هەوڵدانێکی هەسەدەیە بۆ مانەوەی هێزی سەربازی و سیاسی خۆی لە چوارچێوەی دەزگا فەرمییەکانی سووریا بە جۆرێک کە پاساوی تورکیا ببڕێت بۆ هێرش و دژایەتیکردنی رۆژاوای کوردستان. ئامانجێکی تر بریتییە لە جۆریک لە دانپێدانان بە کورد لە سووریا، هەرچەند بە شێوەیەک لاواز و ناڕوونە (خاڵی دووەمی ڕێککەوتنەکە) بەڵام دەکرێت **بە دەستکەوتێکی ڕەمزی دابنرێت بۆ کوردانی ڕۆژاوا**.

ئەم ڕێککەوتنە دەکرێت ئارگۆمێنتێکی باش بێت بۆ هەسەدە بۆ خۆلادان لە هەر داوایەکی ئۆجەلان سەبارەت چەکدانانی یەپەگە و خۆهەڵوەشاندنەوەی لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی بەیاننامەیەکی نوێی ئۆجەلان لەو بارەیەوە.

**ئامانجەکانی ئەحمەد شەرع:** حکومەتی نوێی سووریا بایەخی زیاتر بە دەرەوە دەدات، بەو مانایەی بەدەستهێنانی دانپێدانان و ڕەزامەندی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بە تایبەت ئەمریکا و

ئەورووپـا و وڵاتـانی عەرەبی، ئـامـانجی سەرەکییەتی. ئەم ڕێککەوتـنە جۆرێک لە نـزیکبوونەوە و گــفتوگۆ لەنێوان حکومەتی ســووریــا لەگەڵ ئەمــریکا و ئەورووپــا درووســت دەکات، چــونکە هەسەدە پەسەندکراوترین هێزی سووریایە لای ئەوان. ئەمەش دەکرێت وەک هەوڵێک بێت بۆ لابـردنی سـزاکانی سەر سـووریـا، کە یەکێکە لە ڕێگریـیە سەرەکییەکانی دووبـارە بـنیاتـنانەوەی وڵاتەکە. سەبـارەت بە نـاوخۆ، ئەم ڕێککەوتـنە لە ڕووی ڕەمـزییەوە شەرعـیەت و هێزیک دەداتە حکومەتی نوێی سووریا، ئەویش لە ڕێگەی بەهێزترین گرووپی سووریا کە دان بە حکومەتەکەدا دەنێت. جۆلانی لەم ڕێگەیەوە دەکرێت گوشار خاتە سەر دروز و عەلەوییەکان تاکوو هەمان کار بکەن و دەرەفەتەکان کەمـتر بکاتەوە بەرانـبەر بە دەسـتێوەردانەکانی ئێران و ئیسـرائیل لەسەر ئەم درز و گـرفـتانەدا. ئـامـانجیکی تـری جۆلانی بـریتی بوو لە دوورخستنەوەی چاوی مـیدیاکان و جـــیهـان لە ڕووداوەکـانی نـــاوچەی عەلەویـــیەکـان بۆ ڕووداوێکی تەواو جـــیـاواز و مەدەنی و دیپلۆماتیک!

## کەی: بارودۆخ و کات و ژینگەی ڕێککەوتنەکە

ئەم ڕەهەنـدەی ڕێککەوتـنەکە، گـرنـگتریـنە و بە فـاکتەری ڕاسـتەوخۆ و سەرەکی دادەنـرێت. تێگەیشتن لەم ڕەهەندە، بەشێکی گەورەی ڕووداوەکە ڕوون دەکاتەوە. ڕێککەوتنەکە لە بارودۆخ و ژینگەیەکی ناوخۆ و هەرێمی و نێونەتەوەیی ئاڵۆز ڕوویدا کە دەکرێت بە چەند خالێک ئاماژەی پێبکرێت:

**1. بارودۆخی نێونەتەوەیی (ئەمریکا):** گەڕانەوەی ترامپ بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی جیهان هەیە. یەکێک لە دروشمەکانی ترامپ کۆتایی هێنان بە جەنگ و شەڕە. هاوکات دەیهەوێت بایەخ و سەرنجی ئەمریکا زیاتر بۆ ناوخۆ بێت نەک دەرەوە و، تێچووەکانی دەوڵەت لە دەرەوە کەم بکاتەوە. ئەمەش ئەگەرێک درووست دەکات کە ئەمریکا ڕێژەیەکی بەرچاو لە سەربازەکانی لە هەندێک ناوچەی جیهان دابشکێنێت یان بکشێنێتەوە، یاخود دەستێوەردان و ئۆپراسیۆنی سەربازی لە زۆر ناوچەی جیهان بە تەواوی کەم بکاتەوە. ئەمە دەرەفەت دەداتە ئەمریکا کە زیاتر بایەخ بە پرسی چین بدات وەک سەرەکیترین هەڕەشە.

سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئێستادا دوو پرسی گرنگی هەیە؛ پاڵپشتی لە ئیسرائیل و دژایەتی ئێران. سووریا پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە هەموو ئەوانەوە هەیە کە ئاماژەی پێکرا. کۆتاییپێهێنانی شەڕی ناوخۆی سووریا پەیوەندی بە درووشمەکەی ترامپەوە هەیە بەتایبەت دوای ئەوەی ئێران لەوێ دەرکرا و ئیسرائیل لە پێگەیەکی بەهێز و براوەوە دەرکەوت. ئەمریکا پێیوایە سووریای ئارام و بێ شەڕ و دوور لە هەژموونی ئێران خزمەت بە بەرژەوەندی ئیسرائیل دەکات. ئەمەش دەرەفەت دەداتە ئەمریکا کە سەربازەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە، یاخود بایەخ و ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی کەم بکاتەوە، کە دوواجار ئامانجی کەمکردنەوەی تێچووەکانی دەوڵەت دەپێکێت. هەموو ئەمانە وا دەکەن ئەمریکا پشتگیری ڕێککەوتنی هەسەدە و حکومەتی نوێی سووریا بکات کە دەکرێت ببێتە مایەی سەقامگیری سووریا و کەمکردنەوەی تێوەگلانی ئەمریکا بە کێشە دەرەکییەکان و

هاوكات قبوڵكردنی هەسەدە كە نزیكترین گرووپی سووریایە بە ئەمریكا؛ واتە گرووپێكی نزیک بە ئەمریكا وەک بەشێک لە سوریای نوێ ڕۆڵ دەگێڕێت.

**2. بارودۆخی هەرێمی (ئیسرائیل-توركیا-كەنداو):** ئیسرائیل بكەرێكی سەرەكی ڕێككەوتنەكە نەبوو، بەڵام یاریكەرێكی سەرەكی كۆی هاوكێشەی سووریای دوای ئەسەدە. ڕۆڵی سەرەكی هەبوو لە كەوتنی ڕژێمەكەی ئەسەد، لە ئێستادا لە ڕووی سەربازی و هەواڵگرییەوە كاریگەرترین بكەرە لە سووریا. وەک ئاماژەی پێكرا، بانگەشەی ئیسرائیل بۆ پشتگیری لە كەمینەكان و دابەشكردنی سووریا و دەستتێوەردانە كاریگەرییەكانی، ترسێكی گەورەی لای توركیا درووستكردووە. یەكێک لە هۆكارەكانی هەڵكردنی گلۆپی سەوز لە لایەن توركیاوە بۆ جۆلانی بۆ ئەنجامدانی ڕێككەوتنەكە -لەگەڵ ئەوەی هاوڕای زۆرێک لە خاڵەكانی نەبوو- ئەوەیە كە كورد لە ئیسرائیل دوور بخاتەوە و نزیكی بكاتەوە لە دیمشق و، كار لە دروز و عەلەوییەكانیش بكات كە ڕێككەوتنی هاوشێوە لەگەڵ جۆلانی واژۆ بكەن.

لە هاوكێشەی نوێی سووریا پێویستە ڕۆڵی كەنداو، سعودی و ئیمارات و قەتەر لەبەرچاو بگیردرێت. كەوتنی ڕژێمی ئەسەد و دەرچوونی سووریا لە ژێر هەژموونی ئێران ڕووداوێكی خوازراو بوو لای كەنداو. بۆ دووبارە ئاوەدانەكردنەوەی سووریا لە داهاتوودا، هاوكاری دارایی كەنداو ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت. جگە لەوەی كەنداو بە هۆی پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ئەمریكا، بە تایبەت لەگەڵ ترامپ، دەكرێت ڕۆڵی گرنگ ببینن بۆ لابردنی سزاكانی سەر سووریا و دانپێدانان بە حكومەتەكەی ئەحمەد شەرع. بۆیە كاریگەرییان زۆرە لەسەر ئەحمەد شەرع. هەر سێ دەوڵەت پشتگیری ڕێككەوتنەكەیان كرد، بەڵام پشتگیری **سعوودی** و **ئیمارات** لە هەندێک ڕووەوە جیاوازە لە پشتگیرییەكەی **قەتەر**. سعودی و ئیمارات خوازیارن سووریا لە هەژموونی

ئێرانەوە بـگوازرێتەوە بۆ هەژمـوونی عەرەبی، نەک تـورکیایی. بۆ ئەو مەبەسـتە دەیانـهەوێت ئەحمەد شەرع زیاتر پشت بە سعودی و ئیمارات ببەستێت و تا ڕادەیەک دووری بخەنەوە لە تـورکیا و ئـیخوانەکان؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە قەتەر لە ڕەهەنـدی ئـیخوانی و ئیسـلامـییەوە پشـتگیری جۆلانی دەکات و هەژمـوونی تـورکیای لا پەسەنـدە لە سـووریـا نەک هی سـعودی و ئـیمارات. بەڵام بە گشـتی هەر سێ دەوڵەت پشـتگیری ڕێککەوتـنەکەیان کرد. تەنانەت لەوانەیە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووبێت لە هەڵوێستی ئەمریکا سەربارەت بە ڕێککەوتنەکە، چونکە هەر سێ دەوڵەت، بە تایبەت سعودی و ئیمارات جێگای ڕێز و بایەخ و گرنگی ترەمپ-ن.

**بارودۆخی ناوخۆ:** سەبارەت بە جۆلانی، لە بارودۆخیکی قوورس و ئاڵۆزدا بوو. لەبەر ئەو کوشتار و ڕووداوە خوێناویەیی لە ناوچەی عەلەوییەکان لە کەناری سووریا ڕوویدا، حکومەتەکەی جۆلانی کەوتە بەردەم ڕەخنە و گلەیی و گوشارێکی گەورەی نێونەتەوەیی و ناوخۆیی. لە کاتێکدا کورد و دروزەکان پێش ئەو ڕووداوەش ئامادە نەبوون بچنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی نوێی سووریا. بۆ خۆ دەربازکردن لەو گوشارە میدیایی و نێونەتەوەییە و، بۆ ڕێگرتن لە ئاڵۆزی و پەرتەوازەیی زیاتر لە سـووریـا، جۆلانی دەبـوو هەنـگاوێکی دیپلۆمـاتیک و گـرنـگ بنێت کە چـاوی جـیهان و نـاوخۆ بـگوازێتەوە بۆ سەر ڕووداوێکی تـر. ڕێککەوتـنەکە تـا ڕادەیەکی زۆر ئەو خـزمەتەی بە جۆلانی کرد. ئەگەر ئەو ڕووداوە نەبـوایە، لەوانەیە ڕێککەوتـنەکە لەو کاتە و بەو خێراییە واژۆ نەکرایە، چـونکە دەگـوترێت ڕێککەوتنەکە نزیکەی مـانگێک پێشتر ئامادەبوو بەڵام تورکیا ڕازی نەبووە لەسەری. ئەو ڕووداوە تورکیای ناچار کرد بۆ دەربازکردنی جۆلانی، بە خێرایی ڕێککەوتنەکە واژۆ بکرێت.

**سەبـارەت بە هەسەدە،** فـاکتەری ئۆجەلان دەکرێت ڕۆڵێکی گـرنگی بینیبێت. ئەوەی پێی دەگـوتـرێت پرۆسەی ئـاشـتی و بەیـانـنامەکەی ئۆجەلان سەبـارەت بە چەکدانـان و

خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و گروپەکانی تر... لەوانەیە ترسێکی لای هەسەدە و مەزلوم کۆبانی دروووسـت کردبێت کە دەکرێت لە بەیـانـنامەیەکی تـر ئۆجەلان بە ئـاشکرا داوا لە یەپەگە بکات چەک دانێن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە. ئەمەش دووبەرەکی یان دۆخیکی ئـاڵۆز و ئیحـراجی بۆ ڕۆژاوای کوردسـتان درووسـت دەکات. هەر وەهـا دەکرێت هەسەدە تـرسێکی هەبێت، یان هەواڵێکی پێگەیشـت بێت سەبـارەت بە ئەگەری کشانەوەی سـوپـای ئەمـریکا لە رۆژاوای کوردستان. بە تـایبەت کە هـاتن و مـانەوەی ئەمـریکا لە رۆژاوای کوردسـتان و سـووریا بۆ سێ هۆکار دەگەڕایەوە؛ ڕووبەڕووبـوونەوەی هەژمـوونی ئێران، ڕووسـیا و شەڕی داعـش، **لە ئێستادا ئەم هۆکارانە نەمـاون.** خـاڵەکانی ڕێککەوتـنەکە ئەوە دەسەلمێنن کە هەسەدە بەشێکە لە سووریا، نەک پەکەکە و هێزێکی دەرەکی. ئەمەش دەکرێت وەک پاساوێکی کاریگەر بەکاربێت بۆ خۆلادان لە هەر بەیـانـنامەیەکی ئۆجەلان سەبـارەت بە چەکدانـان، هەر وەک چۆن دەکرێت بەکاربێت بۆ فشاری نێونەتەوەیی لە تورکیا بۆ وەستاندنی هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژاوا بە پاساوی پەکەکە، بە تایبەت لە ئەگەری کشانەوەی سوپای ئەمریکا.

## چۆن: ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج و دەستکەوتەکان

لە بەشی **"چی بەدەسـت دەهێنن: دەسـتکەوت و ئـامـانجەکان"** ئـامـاژە بەوە کرا کە جـارێ ڕێککەوتـنەکە جێبەجێ نەکراوە و مێکانـیزمەکانی بۆ جێبەجێکردن نـاڕوونـن ، بۆیە ئـامـانـج و دەستکەوتەکان گریمانەیین. لێرەش لەسەر بنەمای گریمانەکانی بەشی پێشوو لێکدانەوەکان دەخرێنەڕوو. ڕوون و ئـاشکرایە ڕێککەوتن و دانوسـتان و ئـامـرازی دیپلۆمـاسی و ئـاشـتییانە، تـا

ڕادەیەک، وڵامی  پرسـیاری ئەم بەشەیە (ئـایا لایەنەکان دەیانـهەوێت چۆن بـگەن بە ئـامـانـج و دەستکەوتەکانیان؟) ئەمریکا کە لە هەمووان ڕۆڵی زیاترە لەو ڕووداوە (ڕێککەوتنەکەی کۆبانی و جۆلانی) ڕێگەی ڕێککەوتـن و دانـوسـتانی دیاری کردووە بۆ گەیشـتن بە ئـامـانجەکان. هەسەدە و جۆلانی لەبەر چەنـدین هۆکار ناتوانـن و نـایانـهەوێت شەڕی یەکتر بکەن، بۆیە ئەوانیش ناچـارانە ڕێککەوتـن بە گـونجاو دەزانـن بۆ ئەم قۆنـاغە. تـورکیا کە تـا ڕادەیەک نـاڕازیـیە، هەردوو ئـامـرازی سەربازی و دیپڵۆماسی بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. بۆ نموونە گلۆپی سەوزی بۆ جۆلانی داگیرساند بۆ ڕێککەوتنەکە، هاوکات بەردەوامیشە لە هێرشە سەربازییەکانی.

ئیسرائیڵ کە نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکایە، هاوڕا نییە لەگەڵ پێشنیار و ویستەکانی ئەمریکا. ئەمەش ڕێگریـیەکی گەورە درووسـت دەکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتـنەکە، تەنـانەت ئەگەر لایەنەکانی تـریـش مەبەسـتیان بێت جێبەجێی بکەن، چـونکە لە ڕووی واقـعییەوە، لە ڕووی ئۆپراسیۆنی سەربازی و هەواڵگرییەوە، ئیسرائیڵ لە ئیستادا لە هەمووان کاریگەرترە لە سووریا.

### پوختە

لەسەر بـنەمـای ئەم تێڕوانـینە تیۆریکە کە "کێ چی بەدەسـت دەهێنێت، کەی، چۆن" پـاشـان بەراوردکردنی بە فـاکت و واقعی ڕووداو و هـاوکێشەکە، دەردەکەوێت کە بەشی "کێ" و "کەی" تـا ئەنـدازەیەکی زۆر ڕوون و دیـارە و پێشبینی دەکرێت، بەڵام بەشی "چی بەدەسـت دەهێنێت" و "چۆن" ناڕوون و ئاڵۆزە و پێشبینی کردنی ئەستەمە و تەنیا وەک گریمانە و سیناریۆ دەتوانرێت لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. ئەمەش کۆی پڕۆسەکە دەخاتە ژێر گومان. دەرکەوت ناچاری و فاکتەری دەرەکی زاڵە بەسەر ڕێککەوتـنەکە، نەک ویسـت و فـاکتەری نـاوخۆ. بە مـانـایەکی تـر، ویسـت و پلانێکی ڕوون نـابـینرێت بۆ درووسـتکردنی سـوریـایەکی نـوێ لەسەر بـنەمـای یەکتر قـبوڵکردن و دیموکراسی و هاووڵاتیبوون. سیمایەکی دیاری ڕووداوەکە نەبوون یان کەمی متمانەیە لە نێوان لایەنەکان، بە تـایـبەت هەردوولایەنی فەرمی کە ئـیمزای ڕێککەوتـنەکەیان کردووە. هەردوو لایەن

ڕێککەوتنەکە وەک چارەسەرێکی کاتی و خۆ پاراستن و خۆ دوورخستنەوە لە کۆمەڵێک مەترسی دەبینن، نەک وەک چارەسەرێکی ڕیشەیی کە مایەیی جێبەجێکردن بێت.

نا ڕوونی ڕێککەوتنەکە و دیارینەکردنی میکانیزمێکی ڕوون بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی، هاوکات نا ڕەزایەتی ڕێژەیی تورکیا و هەڵویستی ئیسرائیڵ لەگەڵ ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، وا دەکەن خاڵەکانی ناو ڕێککەوتنەکە، بە بێ ڕێککەوتنێکی تۆکمەی دەوڵەتە سەرەکییەکانی وەک ئەمریکا و تورکیا و ئیسرائیڵ، ئەستەم بێت لە واقعدا جێبەجێ بکرێن. بۆیە ئەگەری ڕوودانی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە یان پێکدادانی سەربازی یاخود ناکۆکی سیاسی... زیاترە وەک لە جیبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکە و بەرقەرابوونی سەقامگیری لە سووریا، بە تایبەت لەو ماوە کورتەی لە خاڵی هەشتەم دیاریکراوە کە ئاماژە دەکات بەوەی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە  دەبێت لە ماوەی ساڵی  2025 جێبەجێ بکرێت.

---

سەرچاوە: بەشی کاروباری جیهانی ئەستێڵ